## لە سەرداوەتی تیپی زەتیوون:

# شاندی تایکواندۆی کوردستان سەردانی کۆریای باشووری کرد

هەفتەی ڕابردوو هەڵبژاردەی تایکواندۆی کوڕان و کچان لەسەردانێکی فەرمی بۆ وڵاتی کۆریای باشوور گەڕانەوە کوردستان کە لە سەرداوەتی تیپی سوپای زەیتوونی کۆریا بوو، شاندەکە لەگەڵ گەیشتنیان بۆ وڵاتی کۆریا بە گەرمی پێشوازیان لێکراو دواتر لەگەڵ هەڵبژاردەی تایکواندۆی کۆریا چەندین مەشقی هاوبەشیان کرد کە بەسەرپەرشتی ڕاهێنەری بەناوبانگی کۆریا کیک وان بوو و یاریزانانی بە بڕوانامەی شایستە خەڵات کران پاشان چەندین یاری دۆستانەیان لەگەڵ تیپەکانی تایکواندۆی کۆریا ئەنجامدا، بۆ ئەم مەبەستە تاهیر سابیر سەرۆکی شاندی هەولێر تایبەت بە فایلی وەرزشی گوڵان گوتی: بەڕاستی پێشوازییەکی گەرمیان لێکردین و سەردانی زۆر شوێنمان کرد لەوانە:

١- سەردانی هەردوو تایکواندۆی کۆریا وجیهانی

٢- سەردانی یەکێتی تایکواندۆی سیۆل.

٣- سەردانی لیژنەی ئۆلۆمپی کۆریا.

٤ سەردانی لیوای سەربازی کۆریا.

٥- سەردانی زانکۆی سەربازی کۆریا.

٦- سەردانی چەندین هۆڵی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری سیئۆلمان کرد کە تایبەت بوو بە فێرکردنی منداڵان لە بواری تایکواندۆ.

٧- سەردانی مۆزەخانەی سەربازی کۆریا.

٨- سەردانی مۆزەخانەی ڕۆژی ئازادی کۆریا.

دواتر حوسێن تەها حوسێن ئەندامی شاندەکە و سەرۆکی یەکێتی تایکواندۆ گوتی: یاریزانەکانمان سوودێکی زۆریان لەو سەردانە لە کۆریەکان وەرگرت چونکە ئەم وڵاتە لە بواری وەرزشی تایکواندۆ ئاستێکی بەرزی هەیە ویاریزانانی ئێمە چەندین مەشقی هاوبەشیان ئەنجامدا کە باشترین دەزگا سەرپەرشتی دەکرد ئەویش دەزگای کیک وان بوو، هەروەها گوتی: هیوادارم ئەم سەردانانە بەردەوام بێت بۆ سوود وەرگرتن ئاشنابوون بە یاریزانانی جیهانی وئەوەش ماوە بڵێم بەڕاستی ڕێزێکی تایبەتیان لێگرتین و بووە جێگای خۆشحاڵی گشت ئەندامانی شاندەکە و سوپاسی وڵاتی کۆریا دەکەین بە گشتی و سوپای کۆریا بەتایبەتی.






## لە فیستیڤاڵی پەروەردەکانی هەرێم

# هەولێر لە کچان و دهۆکیش لە کوڕان پلەی یەکەمیان وەرگرت

بەئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆری وەرزش دۆست یاریگای یانەی دهۆک میوانداری پاڵەوانییەتی یارییەکانی پەروەردەکانی هەرێمی کرد کەچەندین ژمارەی نوێ لە سەر ئاستی پەروەردەکان تۆمارکران لەسەر ئاستی کچان وکوڕان، ئەمەو پەروەردەی هەولێر لە کچان و پەروەردەی دهۆک لە کوڕان نازناوی پاڵەوانیەتییەکانی بردەوە ئەمەی خوارەوەش ئەنجامی کۆتایی بوو.

ئەنجامی کوڕان:

١- پەروەردەی دهۆک «٩٧» خاڵ

٢- پەروەردەی هەولێر «٦٠» خاڵ

٣- پەروەردەی سلێمانی «٥٦»خاڵ

ئەمە و سێ یاریزان لەسەر ئاستی کوڕان نازناوی پاڵەوانی گۆڕەپان و مەیدانیان بەدەستهێنا ئەمانە بوون.

ا- دلزار کەماڵ: پەروەردەی هەولێر «١٩» خاڵ

ب- دڵشێر خورشید : پەروەردەی دهۆک «١٩» خاڵ

ج: زەردەشت قاسۆ: پەروەردەی دهۆک «١٩» خاڵ

ئەنجامی کچان:

١- پەروەردەی هەولێر «٦٥» خاڵ

٢- پەروورەدەی دهۆک «٦٣ » خاڵ

٣- پەروەدەی سلێمانی «٦٠»خاڵ

ئەمە وکچە پاڵەوانی پەروەردەی هەولێر بەهار خەسرۆ بە کۆکردنەوەی«٢١» خاڵ نازناوی گۆڕەپان ومەیدانی وەرگرت، ئەمە و لە کۆتاییشدا لە لایەن ئامادەبووان خەڵات بەسەر تیپ و یاریزانە سەرکەوتووەکان دابەشکرا جێگەی باسە ئەم چالاکییە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیدەوانی و وەرزشی سەر بە وەزارەتی پەروەردە سازکرا.

# بێستون ئەکرم یاریزانی یانەی بروسک

## یانەی ئاسۆ جیاوازی لە نێوان یاریزانەکان دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی یانەی ئاسۆ و ئەنجامەکانی وا بەرەو خراپی دەڕوات

بێستون ئەکرم ئەحمەد یەکێکە لەو یاریزانانە کە هەردەم لە گشت یارییەکان ئاستێکی باش نیشان دەدات ، سەرەتا لەگەڵ یانەی وەرزشی هێرش یاری کرد دواتر چووە ڕیزی یانەی هەولێر پاشان چووە ڕیزی یانەی سەلاحەددین - ئارارات کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەم یانەیە یاری کرد پاشان چووە ڕیزی یانەی ئاسۆ دواتر چووە ڕیزی یانەی بروسک و تا ئێستاش لەگەڵ ئەم یانەیە بەردەوامە و هەروەها مامۆستاییە لە کۆلێژی پەروەردی وەرزش و قوتابی ماجستێرە لە کۆلێژی پەروەردی وەرزش بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیە لەگەڵیدا ساز بکەین.

دیمانە: ڕێبین ڕەمزی

*** ئاستی یانەکان لە خولی کوردستان بە گشتی چۆن بوو؟**

-بە هۆی زۆری یانە بەشداربووەکان لە خولی کوردستان کە دەگاتە ٣٢ یانە، بۆیە یانەکان بە ئاستی ڕاستەقینەی خۆیان بە دەر نەکەوتن ، زۆربەی یانەکان بە شێوەیێکی باش خۆیان ئامادە نەکردبوو هەندێک یانە پێش دەستپێکردنی خولی کوردستان بە ٢ هەفتە خۆیان ئامادە کردەبوو ، ئەو هەشت یانەیە کە بۆ قۆناغی هەشت سەرکەوتن ئاستیان زۆر بەرز بوو بۆیە سەرکەوتن .

*** ئایا هیچ کەمتەرخەمی لە خولی کوردستان هەیە؟**

- کەمتەرخەمی لە هەموو شتێک دەبێت ، بەڵام تێکەڵ بوونی خولی کوردستان لەگەڵ خولی عێراق کاریگەری لە خولی کوردستان کرد، چونکە یانە گەورەکانی کوردستان بەهەمان ئاستی خولی عێراق یارییان نەدەکرد ئەمەش کاریگەرییێکی زۆری لە خولی کوردستان کرد، هەروەها دواخستنی یارییەکان ئەمەش کەمتەرخەمییە چونکە کاریگەری لە وورەی یاریزانەکان دەکات ، بۆیە داوا لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان دەکەم کە هەوڵ بدات ئەم کەمتەرخەمانە لە دوا ڕۆژ نەهێڵێت و دەست خۆشیان لێدەکەم .

*** تا چەند یاریگاکان شیاوی یاریکردن بوون؟**

- دوای ئەوەی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بڕیاری دا کە گشت یانەکان یاریگاکانی خۆیان ئامادە بکەن بە پێچەوانەوە تووشی سزای توند دەبن ئەمەش وای لە یانەکان کرد کە یاریگاکانی خویان بە باشترین شێوە ئامادە بکەن ، بۆیە ئێمە لە گشت یارییەکانی گرووپی خۆمان تووشی هیچ گرفت نەبووین لەم بارەوە.

***هۆی چییە لە زۆربەی هەرە زۆری یارییەکان کارتی زەرد وەردەگری؟**

- ئەمە بۆ خۆشەویستی یانەکەم دەگەڕێتەوە و هەروەها بۆ تەکتیکی یارییەکە دەگەڕێتەوە کە تۆ ناچار دەبی فاولی تەکنیکی بکەی ، بەڵام تا ئێستا کارتەم لەسەر خورەوشتی خراپ وەرنەگرتەوە.

*** تا چەند جەماوەر کاریگەرە بۆ پێشخستنی خولی کوردستان؟**



- ئامادەبوونی جەماوەر دەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ پێشخستنی خولی کوردستان، بەڵام نەبوونی جێگای تایبەت بە دانیشتنی جەماوەر دەبێتە هۆی سەرەکی بۆ ئامادەنەبوونی جەماوەر لە نێو یاریگاکان بۆ نموونە یاریگای یانەی بروسک کە جێگای دانیشتنی جەماوەری تێدانییە بۆیە جەماوەر ئامادە نابێت بۆ هاندانی یانەکەمان ئەمەش کاریگەریەکی یەکجار زۆری لە ئاستی یانەکەمان کردووە چونکە هاندەر دەبێتە هۆی سەرەکی تاکوو یاریزان ئاستێکی باش نیشان بدات.

*** هۆی چییە تا ئێستا لە یانەیەک جێگیر نەبووی؟**

- هۆیەکی سەرەکی هەیە ئەویش کاتێک لە یانەیەک تووشی جیاوازی دەبم ئەو جا چ لە لایەن دەستەی کارگێری یاخود ڕاهێنەر بێت من بەو شتە ڕازی نابم بۆیە لە هەر یانەیەک دیاردەی جیاوازی لە نێوان یاریزانەکان هەبێت من ناتوانم لەم یانەیە یاری بکەم ئەمە هۆی سەرەکییە بۆ جێگیر نەبوونم لە یانەیەک، لە گشت یانەکان ئەم دیاردەیە هەیە تەنیا لە یانەی ئارارات ئەم دیاردیە نەبوو بۆیە ماوەی پێنج ساڵ لەم یانەیە یاریم کرد و گشت یاریزانەکان بە یەک چاو سەیر دەکران و ئەمساڵ لە یانەی بروسک ئەم دیاردەیە وا بەرەو نەمان دەڕوات.

*** بۆ یانەی ئاسۆت جێهێشت؟**

- ڕاستە من لە یانەی ئاسۆ یاریم کرد سەرەتای ڕاستەقینەی وەرزشیم لەو یانەیە بوو ،بەڵام هۆی چییە زۆربەی یاریزانەکان دوای ساڵێک لە یانەی ئاسۆ دەڕۆن؟ ، چونکە یانەی ئاسۆ جیاوازی لە نێوان یاریزانەکان دەکات تەنیا چەند یاریزانێک نەبێت کە بە یاریزانی ژمارە یەک دادەندرێن ئەمەش دەبێتە هۆی سەرنەکەوتنی یانەی ئاسۆ و ئەنجامەکانی وا بەرو خراپی دەڕوات ، بەڵام ئەگەر یانەی ئاسۆ بەیەک چاو سەیری یاریزانەکان بکات ئەوە کەس ئەم یانەیە بە جێ ناهێڵێت یاخود هەر یاریزانێک لە یانەی ئاسۆ یاری بکات ئەوە بە یاریزانی ئەم یانەیە بژمێردرێت و هەر یاریزانێک ئەگەر ١٠ ساڵ لەم یانە یاری کرد دواتر بە جێهێشت ئەوە یاریزانی ئەو یانەیە نییە ئەو کات یانەی ئاسۆ پێش دەکەوێت.

*** ئایا بە نیازی گەڕانەوەی بۆ یانەی ئاسۆ؟**

- نەخێر بە نیازی گەڕانەوە نیمە بۆ یانەی ئاسۆ و من لە یانەی بروسک هەست بە خۆشییەکی گەورە دەکەم و لە یانەی بروسک ڕازیە ئەگەر ئەوانیش لە من ڕازی بن.

*** تا چەند کاریگەرە یاریزان ڕۆشنبیر بێت؟**

- یاریزان زۆر زۆر پێویستە ڕۆشنبیر بێت و ڕۆشنبیرش هەر خویندن نییە بەڵکو هەڵسوکەوتی لەگەڵ یاریزانەکان و لەگەڵ ڕاهێنەر و لەگەڵ دەستەی کارگێری چونکە ئەمانە هەمووی گرنگە بۆ یاریزان و هەروەها دەتوانی پرۆگرام بۆ خۆی دابنێت کە چ جۆرە خواردنێک گرنگە بخوات و کاتی نووستنی خۆی دیاری بکات ، بۆیە هەر یاریزانێک ڕۆشنبیر بێت ئەوە تەمەنی لە نێو یاریگا درێژ دەبێت بەڵام ئەگەر ڕۆشنبیر نەبێت ئەوە تەمەنی زۆر کورت دەبێت.

*** ئەگەر بۆندێکت لە یەکێک لە یانەکان بۆ هات کامە لای تۆ گرنگە ناوی یانەکە یاخود بۆندەکە؟**

- ناوی یانە لە لای من گرنگترە چونکە پارە دێتە دەست و دەڕوات بەڵام ئەگەر لە یانەکەی ناودار یاری بکەی ئەوە ئەو نازناوە تا هەتایە دەمینێت .

*** خۆشترین ساتت چییە؟**

- ئێمە لە یانەی بروسک یاریزانەکان هاوڕێی نزیکی یەکترین، بۆیە کاتێک یاریزانان محەمەد حەمە خان و وریا لە نێو یاری هەڵەیەک دەکەن یاخود فەل دەکەن ئەو کات دەبێتە خۆشترین سات لەلای من چونکە دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە من گاڵتەیان پێ دەکەم ئەمە دەبێتە خۆشترین ساتی من.




## ڕۆناڵدۆ جارێکی دیکە خۆم لە دۆزەخی کابیلۆ دووبارە ناکەمەوە

ئەستێرەی بەناوبانگی بەرازیلی ویانەی ئاسی میلانی ئیتالّی ڕۆناڵدۆ لە لێدوانێکیدا جارێکی دیکە تەئکیدی کردەوە کە دەربازبوونی لە دۆزەخی کابیلۆ خەونی هەمیشەی بوو، زیاتر گوتی : دەرکەوت کابیلۆ دژی یاریزانە بەرازیلیەکان کاردەکات سەرەتا کەوتە ململانێ لەگەڵ من و دواتر لەگەڵ ڕۆبەرتۆ کارلۆس و ئێستاش نۆرەی ڕۆبینهۆیە کە کەس نەما پەنای بۆ نەبەن تا ئەو یانەی کە ڕۆبینهۆ لێی یاری بۆ دە کرد لە بەرازیل ڕازی بکەن کە دەستبەرداری بن، ڕۆناڵدۆ سەبارەت بەوەی گەرهاتوو لەوەرزی داهاتوو کابیلۆ هاتە میلان گوتی : من جارێک لەم دۆزەخە دەربازبوویمە جارێکی دیکە ئەو تاقیکردنەوە دووبارە ناکەمەوە پەیوەندی پێوە ناکەم وبەش بە حاڵی خۆشم وای بۆ دەچم یانەی میلان بە هیچ شێوەیەک بیری لەوە نەکردۆتەوە کابیلۆ بهێنێ.

## بۆدلسکی بە هۆی پێکانەوە تاکۆتایی وەرزی ئەمساڵ دووردەکەوێتەوە

سەرچاوەیەکی پزیشکی لە یانەی بایرەن مۆنیخی ئەڵمانی ڕایگەیاند کە یاریزانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یاریزانی هێرشبەری یانەی بایرەن مۆنیخی ئەڵمانی بۆدلسکی بەهۆی پێکانەوە تاکۆتایی وەرزی ئەمساڵ لە یاریگا دوور دەکەوێتەوە و ناتوانێ بەشداری لەگەڵ یانەکەی بکات، سەرچاوەکە زیاتر گوتی پێکانەکەی بۆدلسکی ترسناکە و لەوانەشە نەشتەرگەری بۆ بکرێ تا شوێنەکەی بە یەکجاری چاک دەبێتەوە، دوورکەوتنەوەی ئەم یاریزانە زیانێکی گەورەیە بۆ یانەی باڤاری و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا کە لە خۆ ئامادەکردنە بۆ کۆتاییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەوروپا.

کلۆزە:

## لە ئامادەباشیدام بۆ یاریکردن لە یانەی بەرشلۆنە

گۆڵکاری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و یاریزانی یانەی ڤێردەر بریمەن میلسلاڤ کلۆزە لە لێدوانێکیدا کە تایبەت بوو بەکەناڵەکانی ئەڵمانیا گوتی: من ئێستا ئامادەم بۆ یاریکردن لە ڕیزی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لە هاوینەی داهاتوو، کلۆزە زیاتر گوتی ماوەیەکە پەیوەندی



لە نێوانمان بەردەوامە بەمەبەستی یاریکردن بۆ یانەی بەرشلۆنەو ئێستاش کات لەبارە و هەنگاوەکان گەیشتۆتە قۆناغی کۆتایی و یاریکردن لە ڕیزی یانەی بەرشلۆنە و لە تەک ئەستێرەیەکی وەکو ڕۆناڵدینهۆ تامۆچێژێکی تایبەتی خۆی هەیە سەربەرزییە بۆ من.



# دوای «۱۱» ساڵ لە ریاڵ مەدرید چارەنووسی رۆبەرتۆ کارلۆس بەرەو کوێ؟

لە لێدوانێکیدا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی جەزیرەی وەرزشی یاریزانی یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی بەرازیلی رۆبەرتۆ کارلۆس گوتی: ئامادەم بۆ یانەیەکی عەرەبی یاری بکەم گەر داوام لێ بکرێ و بۆندێکی شایستەم بدەنێ، کارلۆس ئاهەنگی«۳٤» مین ساڵەی لە دایکبوونی خۆی گێڕا و گوتی من دەتوانم سێ ساڵی دیکە یاری بکەم و تەمەنیشم نابێتە بەربەست لە رێگام، رۆبەرتۆ کارلۆس لە «۱۰/٤/۱۹۷۳» لە شاری ساوپاولۆی بەرازیلی لە دایک بووە لە ساڵی «۱۹۹۳تا ۱۹۹۵» بۆ یانەی پالمیراس یاریکردووە دوای پێشکەشکردنی ئاستێکی بەرز لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی لە مۆندیال و جامی کۆپا ئەمەریکا ، یانەکانی ئەوروپا گرنگییەکی زۆریان بەو یاریزانە دا، یانەی میلان توانی پەیوەندی بەو یاریزانە بکات کە خاوەن قاچێکی چەپی ئاسنینە، کارلۆس یەک وەرز لە ئیتاڵیا مایەوە و دواتر ساڵی «۱۹۹٦» پەیوەندی بە یانەی ریاڵ مەدرید کرد و تا ئێستاش بەردەوامە توانیوویەتی سێ نازناوی لیگا و سێ نازناوی ئەوروپا و دوو نازناوی کیشوەری و دوو نازناوی جامی سوپەری ئەوروپاشی بردۆتەوە سەبارەت بە چۆنییەتی یاریکردن لە ریاڵ مەدرید کارلۆس دەڵێ یاریکردن بۆ ریاڵ مەدرید جیاوازییەکی یەکجار زۆری لەگەڵ بەرشلۆنە و فلامینگۆ و میلان هەیە، پاڵەپەستۆیەکی زۆرمان لەسەرە و زۆرمان لێ داوا دەکەن، دۆڕاندن و بەرامبەر بوونیان ناوێت و تەنیا بردنەوەیان دەوێت ئەمەش شتێکی خراپە، کارلۆس لە هەڵبژاردەی بەرازیلیش رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە و یارمەتییەکی تەواوی دەدات، من هێشتا زۆرم ماوە بەڵام ئەو کەسانەی کە باسی تەمەن دەکەن ئەوە بە هەڵە چووینە با بیری خۆیان بەو شتانە ماندوو نەکەن، زۆر یاریزانی بە تەمەن هەن کە لە «۳٥» ساڵی تێپەڕبووینە وەکوو کافۆ و ماڵدینی کە هێشتا بەردەوامن لە پێشکەشکردنی بەرهەم، کارلۆس دوای «۱۱» ساڵ یاریکردن لە یانەی ریاڵ مەدریدا لە کۆتایی وەرزی ئەمساڵ بە جێیان دەهێڵێ دوای ئەوەی هێرشێکی توند و رەخنەیەکی زۆری لێ گیرا دوای ئەو هەڵەی لەگەڵ یانەی بایرەن میونخ ئەنجامیدا و کارلۆس دەڵێ دەبێ ئێمە هەڵ بۆ لاوانمان بڕەخسێنن تا بتوانن جێگای ئەستێرەکان بگرنەوە و من کە بۆ هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی ریاڵ مەدرید یارییم دەکرد خەڵک هەمووی هاندەرمان بوون ئێستا دەبێ بەسەربەرزی لەو دەرگای هاتمە ناو یانەی ریاڵ مەدرید و لە هەمان دەرگاش بچمە دەرەوە نەک بەسەر شۆڕی لە دەرگای دواوە بچمە دەرەوە، کارلۆس لەم دواییە دا بە بەردەوامی ئاستی بەرەونزمی دەڕۆیشت ئەویش بەهۆی کێشەی خێزانداری بوو کە تووشی دەهات، ئەمەو ریاڵ مەدرید زەرەرمەند دەبێت بەهۆی لە دەست دانی هەردوو باڵەکانی کە بە باشترین یاریزان لەو شوێنە دا دادەنرێت، کارلۆس لە نێو نێوەندە وەرزشیەکان بە باشترین یاریزان دانرا، سەبارەت بە یاریکردنی لە وڵاتە عەرەبییەکان گوتی: گەر دەتانەوێ لە وڵاتە عەرەبییەکان یاری بکەم، من بە شانازییەوە رازیم و گەر بۆندێکی باشم بدەنێ و هەر زوو پەیوەندییم پێوە بکەن.





